# کۆچ قەدەرێکی نادیار



چیا هاوار

لە ئێستادا کۆچ بۆ هەندەران بۆتە یەکێك لەو کێشە کۆمەڵایەتیو خەمە گەورانەی کە زۆر مەسەلەی پەیوەست بە ئایندەی کۆمەڵگەکەمانی خستۆتە ژێر پرسیارو تەنانەت وای لێهاتوە کۆچ زۆرێك لە خێزانەکانی لادێو شاری وەك یەك ڕووبەڕووی مەترسی شیرازە تێکدان کردۆتەوە، گۆڕانکاری ژیان بە هەڵبژاردنی ژیانی تاراوگە بۆتە باسێکی گەرموگوڕی نێو توێژی گەنجان، بێگومان زۆریشن ئەوانەی شەرعیەت ئەدەن بە کۆچو ڕێگە نیشاندەرێکن بۆ بە تاراوگە گەیاندنیان، بیّ ئەوەی بیر لە دەرهاویشتەکانی ئەم دیاردەیە بکەنەوە، کە ئەمە بۆ خۆی کارەساتێکەو چارەسەرەکەیشی تا ڕاددەیەك ئاستەمە، هەڵبەت لەلایەن خودی گەنجیشەوە بڕیاردان لە چارەنوسی خۆی کارێکی سادەو ساکارە، کە ئەمە وایکردووە لەماوەیەکی زۆر کەمدا گەنج بڕیار لەسەر گۆڕانکاریەکی ژیانی بدات، کە ڕەنگە لە ماوەیەکی زۆرکورتدا پاشگەزبوونەوەو پەشیمانی بەدوای خۆیدا بهێنێت، بەلاّم ئەوەی کە ڕێگر دەبێت لەبەردەم گەنجدا بۆ گۆڕینی بڕیارەکانی پێشوو تری، بیرکردنەوەیە لە ساتەکانی بڕیاردان بە هەڵبژاردنی ژیانێکیتر کە جیاواز بووە لەو ژیانەی پێشتر گوزەراندوویەتی، گومان ناکرێت لەوەی هۆکار گەلێك هەن بۆ زیاتر پاڵنانی گەنجانو وایان لێبکات ژیانێك هەڵبژێرن کە دوور بێت لە کولتورو ئەو دابونەریتانەی پێی پەروەردە کراوە، بە بەسەربردنی قۆناخی گۆڕان لە ژیانیدا تێدەگات کە ئەو لە جیهانێکدا ژیاوە ئاسمانو ڕێسمانی نێوانە لەگەڵ ئەو ژیانەی ئێستای، کە خۆیشی نازانێت ئەم قۆناخەی ژیانی دەیگەیەنێتە کویّ، هۆکارو پاڵنەر بۆ ئەوگۆڕانانە کامانەن؟ چی وا لەگەنج دەکات ئەو گۆڕانە خێرایانە دروست بکات؟ گەنج چیکردووە بۆ ئەوەی ژیانی تاراوگەی بەلاوە پەسندتر بێت لە زێدی لەدایکبوونی؟ ئەمانە کۆمەڵێك پرسیارن پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکرێتو لایەنی پەیوەندیدار ڕێگە چارەی گونجاو بۆ بنبڕکردنی ئەو کێشەیە دابنێت.

دەکرێت ئێمە لێرەدا تیشك بخەینە سەر سەرەکیترن ئەو فاکتەرانەی گەنج کردوونی بەکارنامەی کۆچکردن، وەك خۆیان زۆرترین هۆکار دەگێڕنەوە بۆ کەموکوڕیەکانی حکومەتو دەسەلاّتداریەتی خۆماڵیو گوێنەگرتن لە گەنج لەلایەن دەزگا پەیوەندیدارەکان لەنێو دامەزراوەکانی حکومەت، لە لایەکی تریشەوە گەنجان پێیان وایە دامەزراوەیەکی کارای تایبەت بەگەنجان لە کوردستاندا بوونی نیە، دەشیّ بڵێین ئەمانە هۆکارن، بەلاّم ناکرێت کاردانەوەکانی خودی گەنج بەو ئاقارە خەتەرناکەدا بڕواتو نیشتمان بەوێرانەو دۆزەخ بزانێتو ببینیّ لەکاتێکدا ولاّتەکەی لە هەستیارترین قۆناخی سیاسی چارەنوس سازدایەو پێویستی بە تواناو بوونی گەنج هەیە بۆ یەکلایی کردنەوەی کۆمەڵێك کێشەی سەرەکی کە ساڵانێکە هەوڵی بۆ دەداتو خوێنی بۆ دەبەخشێت تا گەیشتۆتە ئەمڕۆ کە زەمینەیەکی لەبارو گونجاوە بۆ بە بنبەست گەیاندنی تێکڕای داخوازیەکانی، بۆیە لێرەدا ڕاستیەك دەردەکەوێت کە یەکێك لەو فاکتەرانەی گەنج کۆچی پێوەدەکات، ئەویش نەبوونی دامەزراوەیەکی کارای بواری گەنجانە کە بتوانێت ئەو ڕۆحیەتە نەتەوایەتیە لای گەنجان بەهێزتر بکاتو گەنجیش لە لایەن خۆیەوە دەرك بە بوونی بۆشایی نەکات، وەك دەبینرێت بۆشاییەکی پڕنەکراوەی جێهێڵراو ماوە لەناو چینەکانی تری کۆمەڵگەکەماندا.

لەلایەکی تریشەوە دەکریّ بڵێین لە کۆمەڵگەو حکومەتی هەرێمی کوردستانو بە تایبەت لە نێو توێژی گەنجاندا نەبوونی داکۆکیکار لە مافەکانی گەنجان بووە بە کێشەیەکو ئەوانەشی کە خۆیان وەك داکۆکیکاری گەنجان ناساندووە نەیانتوانیوە لە ئاست تێکڕای کێشەکانی گەنجاندابن، کە ڕەنگە هەندێك جار شەرعیەت بدەن بە ڕۆیشتنو جێهێشتنی ولاّتو ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەبێتە فاکتەرێکی تر بۆ کۆچ کردنی گەنج بە شێوەیەکی نایاسایی لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجاریش هەوڵیان داوە بە هەر ڕێگەیەك بێت تێکڕای هۆکارەکانو کێشەی گەنج بگەیەننە لایەنی پەیوەندیدار، بەلاّم ئەوەی جێی تێڕامانە ئەوانیش وەك پێویست لە کێشەی گەنج شارەزا نینو کێشەی گەنج لە سوچێکەوە سەیر دەکەن زۆر دووربێت لە خواستەکانی گەنجان یان بە شێوەیەك قسە لەسەر دیاردەکان دەکەن کە لە ڕاستیدا قسەکان کۆك نەبن لەگەڵ داواکاریەکانی گەنج.

بۆیە دەکریّ بڵێین کێشەی گەنج زیاتر پەیوەندی بە لێك تێنەگەیشتنە لەگەڵ دەسەلاّتو زمانی تێگەیاندن لە لایەن هەردوو لایەنەوە زمانێکی بڕوادارو سەلمێنەر نیە، ئەوەش وادەکات پەرچە کردارەکانی گەنجان بە ئاقارێکدا بڕوات مەترسیەکە لە خێزانەوە بگوازێتەوە بۆ تێکڕای کۆمەڵگەو واش ببینرێت، لە ئێستادا چارەسەرکردنی کێشەکانی گەنج بە تێکڕایی لە چەند ساڵێکی تر ساناتر بێت بۆ چارەسەرکردن.